# زێوەر ئەفەندی شاعیر مامۆستای بەئەزموونی کورد

زانیار سەردار قرگەیی
(سلێمانی)

شاعیری بەهرە ڕەنگین (زێوەر)، یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی کورد، شیعری بۆ زۆر بوار هۆنیوەتەوە، یەکێک لەو بوارانە، شیعری بەسەر جوانی سروشتی کوردستاندا هەڵداوە تا هەموو کوردێک و بیانییەک هۆگری سروشتی ڕەنگینی ئەم وڵاتە بن و بەدڵ پابەندی دیدەنی سروشتی جوانی کوردستان بن، وێڕای ستایش کردنی ئاڵای کوردستان، کە لە سەردەمی خۆیدا پێشبینی ئەوەی کردووە ئەم ئاڵایە بگاتە جەوەلان و بەسەر ئاسمانی کوردستاندا بشەکێتەوە.

زۆر لە نووسەرانی کورد لەسەر شیعرەکانی زێوەریان نووسیوە و بەرز نرخاندوویانە و بەرێزێکی زۆرەوە سەیریان کردووە، هەر لەو نێوەندەیشدا م. کەریم زەند زۆربەی سرووده میللییەکانی ئەم شاعیرەی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە. شیعر و سروودەکان بەگشتی گوزارشت لە جوانی و سروشتی کوردستان و زانست و فێرکاری دەکەن. لایەنێکی شیعرەکانیشی باس لە هەستی نەتەوەیی دەکەن و بۆ خۆشەویستی خاک و وڵات و نیشتمان هاندەرن.

زێوەری شاعیر ساڵانێکی زۆر لە بواری پەروەردە و فێرکردن و ئەدەبدا خزمەتێکی کەم وێنەی بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان گەیاندووە و هانی داون بخوێنن و خۆیان لە شەوەزەنگی تاریکی نەزانین ڕزگار بکەن و فێری زانست و هونەر بن، بۆیە بەشێک لە شیعرەکانی دەچنە خانەی فێرکارییەوە و لەو سەروبەندەیشدا بە مامۆستا و شاعیری فێرخوازان ناسراوە، تا ئەم سەردەمەش ئەو شیعرانە و سروودەکانی لە ناوەندەکانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا دەخوێنران و بە بەردەوامی سوود و گرنگی و بایەخی خۆیان لەبەرچاو و دڵان بووە و



**زێوەر**

قوتابیانی کوردی پێ گۆش دەکرێت.

وێرای ئەمەیش زێوەر مامۆستای شێخی نەمر (شێخ مەحموودی حەفید زادە) بووە، لەو سەردەمانەدا لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندن و فێرکاریدا مامۆستایەکی گەورە بووە و لە پەروەردەکردنی منداڵانی ئەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی دیاری هەبووە و بە زانست و زانیاری بەسوود گۆشی کردوون، ئەمیش هاوتای مەلا سەعید کابان و خواجە فەندی بووە کە لە قوتابخانەی ئاینییەوە ڕۆڵەکانی کوردیان فێری خوێندن و نووسین کردووە، بەدەیان و سەدان کەس لەسەر دەستیاندا پەروەردە و گۆش کراون و فێری وانەی ئایینی و زانستی بوون.

مامۆستا (زێوەر)ی شاعیر ناوی (عەبدوڵڵای کوڕی محەممەد ئەفەندی مەلا ڕەسووڵ)ە، بە بنەچە پشدەرییە. لە ساڵی (١٨٧٥)ی زایینی، لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە کە ئەو کاتە تەمەنی شارەکە نزیکەی سەدەیەک دەبوو کە لە لایەن ئیبراهیم پاشای بابان بنیاد نرا بوو، قەڵاچوالانی پایتەختی بابانەکان بە کەڵکی ئەوە نەهاتووە ببێتە پایتەخت، بۆیە بیریان لە دروست کردنی شارێکی تازە کردووەتەوە، ئەویش شاری سلێمانی ئێستا بووە.

لەگەڵ دروستکردن و تەواوکردنی ئەو شارەدا، بیر لەوە کراوەتەوە کە مرۆڤی زانا و دانا و ڕۆشنبیر و خاوەن قەڵەم و کەسی دەست ڕەنگینیش بێنە ناو شارەوە، بۆیە هەر زوو پایتەختی بابانەکان گەشەی هزری و فەرهەنگی و ئابووری و بازرگانی بەخۆیەوە بینیوە، لە ڕووی سەربازیشەوە پێویستی بەوە کردووە دەستەیەک لاوی سوارچاک، پارێزگاری لەو میرنشینە بکەن.

ئەو ئاوەدانکارییەی ئەو سەردەمە لە شاری سلێمانیدا وای کردووە خەڵکی لە دەوروپشتی شارەوە ڕوو لە پایتەختەکە بکەن، بنەماڵەی زێوەری شاعیریش یەکێک بوون لەو سەدان خێزانانەی لە دەڤەری پشدەرەوە بۆ سلێمانی کۆچیان کردووە و تێیدا گیرساونەتەوە.

زێوەر هەروەک منداڵانی سەردەمی خۆی لە تەمەنی (٧) ساڵیدا چووەتە حوجرە و لە حوجرەی مەلا سەعید (خواجە فەندی) خراوەتە بەرخوێندن. لەوێدا (قورئان و ناگەهان و گوڵستان) دەخوێنێت، بەدەم فارسی خوێندنەوە، دەست دەکات بە «نصاب صبیان» و دەچێتە فەقێیەتی، لە پێشاندا هەر لە سلێمانی، بەڵام لەو ماوەیەدا فارسییەکەی لای خواجە ئەفەندی خوێندووە، وردە وردە گەورە دەبێت، کورد واتەنی دەستی داری گرتووە و بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن و زیاتر پەیداکردنی زانست و زانیاری لە شارەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە، دوای ئەو ماوەیە، هەوای چوونە دەرەوەی دەکەوێتە سەر و سەفەر دەکات، هەر بە مەبەستی خوێندن بۆ شارەکانی [مەریوان، بانە، موکریان، ساباڵاخ] دەچێت و لە ڕێی ڕواندوزەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر و دواتر لە کەرکووک ئینجا بۆ سلێمانی و لە مزگەوتی (بن تەبەق) مزگەوتی عیرفان، وانەی زانستی عەرووز و قافییە لە لای عیرفان ئەفەندی دەخوێنێت و دەبێت بە موستەعید.

دواتر دەچێ بۆ ئیستەنبوڵ، لە لایەکەوە لەگەڵ زانا و ئەدیبەکاندا هەڵسوکەوتی کردووە، لە لایەکیشەوە هەموو دەمێک لەگەڵ ئەو پیاوە کوردانەدا تێکەڵاو دەبێت کە لەوێ کاربەدەست بوون. چوار ساڵێک بۆ خوێندن و زیادکردنی زانست و زانیاری دنیادیدەیی لە ئیستەنبوڵ دەمێنێتەوە، پاشان بۆ سلێمانی دەگەڕێتەوە.

ئەو کاتەی زێوەر دەچێتە ئیستەنبوڵ ئەو شارە لە ڕۆژهەڵاتدا پێشکەوتووترین شار بووە، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان بووە، ئەوە وای کردووە ببێتە شارێک لە ناوچەکە کە سەرچاوەی زانست بێت،

بۆیە هەرچی عاشقی زانست و زانیاری بوون، حەزیان کردووە ڕوو لەو شارە بکەن، جگە لەوەیش لە نێوان ڕۆژهەلات و ئەوروپادا مەڵبەندێکی بازرگانی گرینگ بووە، هەر ئەوەیش وای کردووە بە هۆی بازرگانەکانەوە داهێنراوەکانی خۆیان بۆ ئەو شارە بهێنن و پێشکەوتنی خۆیان پێشانی خەڵکی بدەن، هەروەها مەڵبەندی سەرهەڵدانی گەلێک ڕێکخراو و کۆمەڵەش بووە، ئەوانە هەر هەموویان زەمینەخۆشکەر بوون بۆ پێگەیاندنی کەسایەتی زێوەری شاعیر.

لە دوای تاقیکردنەوەی، وەک مامۆستای ڕێزمانی زمانی تورکی لە مەکتەبی ڕوشدییەی عەسکەری وانەی وتووەتەوە. دواتر تا سەردەمی داگیرکردنی ئینگلیز بە باش موعەلیم دانراوە، لە کانوونی یەکەمی ١٩١٨ کراوە بە (باشکاتبی تەحریرات).

پاش کودەتاکە، لە ١٩ی شوباتی ١٩٢١ لە قوتابخانەی (نموونەی سەعادەت) بە مامۆستا دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٣٠ بە مامۆستایی وەک سزا و دوورخستنەوەیەک بۆ ناحیەی بەرزنجە گواستراوەتەوە تا لە کۆمەڵ و لە ڕۆشنبیران دابڕێت و لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بێ ئاگا بێت، تا ساڵی ١٩٣٨ ماوەتەوە، لەوێشەوە بۆ بیارە و لە دواییشدا لەسەر کار لابراوە و خانەنشین کراوە.

زێوەرەفەندی نەفسێکی زۆر بەرز و شاهانەی هەبووە، دەروێش مەشرەب و ڕەوەند و خواپەرست و دیانەت ڕاگیربووە، هەر ئەوەیش بووەتە هۆی ئەوەی جێی متمانەی بنەماڵەی شێخی نەمر بێت.

زێوەر وەک شاعیرانی پێش سەردەمی خۆی، تورک و فارس و کوردەکان کاریگەرییان لەسەری هەبووە و ڕێباز و ڕێوشوێنی زۆریان بەسەر شیعرەکانییەوە دیارە، خۆیشی کاریگەری لەسەر شاعیرانی هاوچەرخی خۆی هەبووە وەک مامۆستایانی خوالێخۆشبوو (عەلائەددین سەجادی، ڕەفیق حیلمی، عەلی باپیر ئاغا، شێخ نووری شێخ ساڵح، عەلی عارف ئاغا- شاری، ئەخۆڵ، بێکەس، بەختیار زێوەر و زۆری تریش، لە سەرووی هەمووشیانەوە پیرەمێردی نەمر).

لەگەڵ ئەمانەیشدا زێوەر خزمەتێکی گەورە و کەم وێنەی بە ئەدەب و شیعر و زانست کردووە و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی پێ گەیاندووە، لە هەمان کاتدا نەیتوانیوە تویژی گرنگی منداڵانیش لە ڕووی شیعر و هۆنراوە و فێرکارییەوە فەرامۆش بکات، وەک (مەحموود زێوەر)ی کوڕی دەڵێت: زێوەر بە ڕابەری ئەدەبی منداڵان دادەنرێت کە بیرۆکەکانی لە خودی خۆیەوە سەریان هەڵداوە و بۆ گۆرانی و سروودی کوردی دایڕشتوونەتەوە.

لەم ڕووەوە سەبارەت بەو وتەیەی مەحموود زێوەر، بۆچوونی جیاواز هەیە، بۆ نموونە (نەوزاد کەلهوڕ)ی نووسەر، بۆچوونێکی جیاوازتری هەیە و لە ئاماژەیەکیدا دەڵێت: ئێمەیش قەناعەتمان لەسەر ئەوە چەسپاوە، «زێوەر» ڕابەر و ڕێچکەشکێنی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بووە، هەروەها ڕۆڵی گرنگیشی لە ئەدەبی منداڵاندا هەبووە، چونکە بەشێکی زۆری دیوانەکەی بۆ هۆنراوە و سروودی منداڵان تەرخان کردووە، ڕەنگە ئەو قسەیەی کاک (مەحموود زێوەر) پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردتر و زانستییانەتر هەبێت کە دەڵێت: (زێوەر بە ڕابەری ئەدەبی منداڵان دادەنرێت کە بیرۆکەکانی لە خود و ناخی خۆیەوە سەریان هەڵداوە).

ئەدەبی منداڵان لایەنێکی گرنگە لە ناو ئەدەبی گەلان، خودی منداڵ بۆ خۆی جیهانێکی فراوانە، کاتێک دەڵێین گرنگیدان بە منداڵ، واتە گرنگیدان بە کۆمەڵگە، چونکە منداڵ لە ئاییندەیەکی نزیکدا ئەرک و بەرپرسیارەتی ئەو گەل و نیشتمانەی دەکەوێتە ئەستۆ، لێرەدا قسەیەکی (مەنگوری) ئەندامی مەجلیسی عمومی بەریتانیا هەیە کە دەڵێت: (ئەرکی ئێمە دیار و ئاشکرایە گەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی تێگەیشتوو، پێگەیشتوو دروست بکەین دەبێت لە پەروەردەی منداڵەوە دەست پێ بکەین) دەربارەی ئەدەبی منداڵانیش (گۆران) دەڵێت: (مەکسیم گۆرکی و لیو تۆلستۆی و هانز ئەندرسن بەو گەورەییەی خۆیانەوە بۆ منداڵ دەنووسن، کەچی ئێمە بەو بچووکییەی خۆمانەوە بۆ گەورەیی منداڵ نانووسین).

زێوەری شاعیر گرنگییەکی زۆری بە پەروەردەی منداڵ داوە و بەشێک لە هۆنراوەکانی بۆ ئەوان تەرخان کردووە. نابێت ڕۆڵی شاعیرانی هاوچەرخی خۆی وەک: گۆران و بێکەس و پیرەمێرد لەم ڕووەوە لە یاد بکەین، ئەوانیش هۆنراوەیان بۆ منداڵ وتووە، هەروەها پێش ئەوانیش شاعیری گەورە (ئەحمەدی خانی) منداڵی لە بیر نەکردووە.

(نەوزاد کەلهوڕ)ی نووسەر لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەیدا

سەبارەت بە زێوەری شاعیر دەڵێت: زێوەری شاعیر بە پەروەردەکارێکی گەورەی منداڵان دەزانین، زێوەر گەشبین بووە بە ئایبندەی گەل و نیشتمانەکەی، ئەو گەشبینییەشی لە ئایبندەی منداڵانی نەتەوەکەی خۆی بینیوە، ئەگەر ئەمڕۆ منداڵان باش پەروەردە بکەین، لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەتوانین کۆمەڵگەیەکی سەغڵەم دروست بکەین، هەر ئەوەیشە دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتە بڵێین زێوەر جگە لەوەی پەروەردەکار بووە، کەسێکی دووربینیش بووە.

جگە لەمانەیش بە ڕابەر و ڕێچکەشکێنی قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کوردستاندا دادەنرێت. بەرهەمەکانیشی پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵ، هێشتا بەزیندوویی و بەگەشی و گەشاوەیی ماونەتەوە و نەوە لەدوای نەوە هزری نەتەوەییانی پێ گۆش دەکرێت.

زێوەری خاوەن قەڵەم و هەڵوێست، بە پێنووسەکەی ئەدەبی نووسیوە و بەکردەوەش سەلماندوویەتی کە بەرهەمەکانی و نووسینەکانی ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانیەتی.

بێ گومان کە شاعیر زۆر بە تەنگەوەی دوا ڕۆژی میللەتەکەیەوە بووە و هاواری لێ بەرزبووەتەوە، بانگەشەی یەکێتیی ڕیزەکانی میللەتەکەی کردووە، چونکە زۆر چاک دەزانێت میللەت بە یەکێتی دەگاتە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی، بە پارچە پارچە بوون میللەت دەبێتە ژێردەستەی بێگانە: ئەی میللەتی کورد ئێوە میللەتێکی بە هیمەت و مەردن، وەرن بەیەکەوە دەست لە ناو دەستی یەکتری بنێین و ببینە دیوارێکی پۆڵایین، لە پێناو بەرزی خاک و نیشتماندا، با هەموومان یەک بین، چونکە هەموو کوردین و یەک نەتەوەین، نیشتمانمان بێکەس نییە، ئێمە هەر هەموومان خۆمان دەکەینە قوربانی ئەو خاک و نیشتمانە، بۆ ئەوەی بۆ هەموو دنیای بیسەلمێنین ئێمە یەک هێز و یەک بازووین و هەمووشمان هەر کوردین، باب و باپیرانمان لە ڕابوردوودا وەک شێری سەردەمەکەی خۆیان بوون، هەموویان بۆ سەربەستی و ئازادی ژییان و ژیانی ژێردەستەییان قبووڵ نەکردووە، ئێمەیش هەروەک ئەوان دەبێت باکمان لە هیچ کەس نەبێت و لە کەس نەسڵەمینەوە و ئەو یەکێتییە لە نێو کورددا دروست بکەین، تا بە ئاواتە ڕەواکانمان دەگەین.

زێوەری شاعیر سەبارەت بەو باسە بەم شێوەیە ئەم شیعرە دەنووسێت:

**ئەی کوردینە ئەی مەردینە**
**با دەست لەناو دەست کەین هەموو**
**بۆ بەرزیەتی خاکی وەتەن**
**بۆ یەکێتی بچین هەموو، کوردین هەموو**
**بێ کەس نییە دایکی وەتەن**
**ئێمە فیداکاری ئەوین تا کورد لە عالەم دەرکەوێ**
**بۆ یەکێتی بچین هەموو، کوردین هەموو**
**ئەجدادمان شێری زەمان**
**حوڕ بوون و بە سەربەستی ژیان**
**باکمان نییە ئێمەش لە کەس**
**بۆ یەکێتی بچن هەموو، کوردین هەموو..**

بڕیارێکە و داومە و لێی پەشیمان نیم، دەبێت هەوڵ بدەم تا دەگەم بە ئاواتی خۆم دانانیشم دەست بەتاڵ، بەڵکو هەردەم لە تێکۆشاندا دەبم، من دەبمە پێشەنگ بۆ نەوەی داهاتوو. دیارە شاعیر هیوا و ئامانجێکی زۆری بە لاوەکانی دوا ڕۆژ هەبووە، بۆیە خۆی دەکاتە پێشەنگیان. سەربەستی و ئازادی نەتەوەکەم ئامانجی سەرەکیمە و لە پێشەوەی هەموو شتەکانە، جا ئەگەر بێتو لەو ڕێگایەدا وێڵ و سەرگەردان و زەبوون بم، نابێت بە هیچ شێوەیەک شوێنەواری بێ ئومێدیم پێوە دیاربێت، دەبێت هەردەم هەوڵ بدەم و کۆشش بکەم بۆ نیشتمانەکەم، چونکە شتێکی زۆر پێویستە ڕوحم بۆ میللەتەکەم لە چاڵ بنێم.

**تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ**
**بۆ لاوی تازەی قەومی کورد ببمە نموونەی بێ میسال**
**تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ**
**بۆتە شیعار و کردەوەم سەربەستی و ئازادی وەتەن**
**لە ڕێگوزاریش بم زەبوون نابینم ئاساری مەلال**
**تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ**
**هەوڵ و کۆششم لازمە بۆ خزمەتی هاو میللەتم**
**ڕوحێ لە ڕێگای میللەتا نەیبەخشم نەینێمە چاڵ**
**تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ**
**بۆ لاوی تازەی قەومی کورد ببمە نموونەی بێ میسال**

وا وەتەن بە جارێک خۆی ئارایش داوە و ڕازاوەتەوە، هەروەک گوڵ لە وەرزی بەهاردا چۆن خۆی دەڕازێنێتەوە،

نیشتمانیش هەروەک گوڵی بەهار وایە ئێستا ئەی میللەتی کورد کاتی شادمانییە و دەی تۆش لوتف و ڕەحمەتت بۆ ئەو نیشتمانە هەبێت و خزمەتی بکە، یەک زەڕڕە لە خاکی نیشتمان کە پێی لەسەر دادەنێم نایگۆڕمەوە بە هەموو موڵک و کۆشکی قەیسەر، هەموو ڕووبارەکانی نیشتمانم سەربەستی خستووەتە دەستی خۆی، ئەگەر هەر کەس گیانی خۆی نەکاتە قوربانی، لەعنەتی زەمانەی بەر دەکەوێت.

**وا وەتەن خەملێوە وەک گوڵی نەوبەهاری میللەتە**
**شادمانی قەومی کوردە وەختی لوتف و ڕەحمەتە**
**زەڕڕەیێک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری**
**جوملە ئەنهارێ وەک کەوسەر هەوای وەک جەنەتە**
**میللەتی کورد موڵکی سەربەستی خستە دەستی خۆی**
**جان نیساری گەر نەکا هەرکەس بەشی ئەو لەعنەتە**

نیشتمان لای من زۆر خۆشەویستە، تا وای لێهاتووە بووەتە پارچەیەک لە ڕوحم و هۆکاری هەموو چالاکییەکانی منە، مایەی ژینی منە، ئەگەر بێتو من فەرهاد بم کە کێوی بێستوونی هەڵکۆڵی، بگەم بە شیرین، بەهیچ شێوەیەک دڵم نایەت یەک چەکوش لە بەردەکانت بدەم، چونکە لام گەلێک شیرینە.

**ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی ڕوحی شیرینی منی**
**مەزرەعەی توخمی نیشات و باعیسی ژینی منی**
**بێتو گەر من کۆهکەن بم وەصڵی شیرینم ببێ**
**تیشەیێ نادەم لە بەردت تۆی کە شیرینی منی**

بەم چەشنە زێوەری شاعیر ڕێنمایی و ئامۆژگاری نەوەکانی میللەتەکەمان دەکات تاکو خاک و نیشتمانیان خۆش بوێ و قەدری بزانن و لە تێکۆشانی زانست و زانیاریدابن و هەمیشە بەچاوی ئەمەکداری و ڕێزەوە لێی بڕوانن و هەوڵی پاراستنی سەروەری وڵات بدەن. لەگەڵ ئەوەیشدا سروود و هۆنراوەکانی ئەو کە بۆ منداڵانی نووسیوە، هەستێکی زۆری نەتەوەیی و کوردستانی پێوە دیارە و لەوێشدا هانی منداڵان دەدات کە هەمیشە وشەی کوردستانیان لە سەر زار و لە ناو دڵ و دەروونددا بێ.

ئەمەیش بەرهەمێکی شاعیرە بە ناوی (باڵۆرەی کچە کوردێک) بۆ منداڵانی نووسیوە، بەم شێوەیە:

**کیژۆڵەی کوردستانم**
**بە ڕەزای سەر بەرزانم**
**کە نێرەی ناو شاخانم**
**لە خواوەیە من جوانم**
*******
**کەنێرەی شاخ و دەشتم**
**وەک گیابەنی بەهەشتم**
**ڕێحانەیە سرووشتم**
**لە خواوەیە من جوانم**
*******
**من بازی دارستانم**
**چاو شەهێنی کوێستانم**
**ئاوا بێ کوردستانم**
**لە خواوەیە من جوانم**

ئەم شاعیرە هەتا دواهەناسەی ژیانی بەردەوام بووە لەو ڕێچکەیەی گرتوویەتییەبەر و خزمەتێکی زۆری نەتەوەکەی کردووە و تەمەنێکی پڕ سەروەری بەسەر بردووە، لە تەمەنی (٧٣) ساڵیدا لە ١٩٤٨/١١/١٠ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی (جۆگە) بەخاک سپێردراوە.

بەرهەمە چاپکراوەکانیشی بریتین لە: (ژیانی پێغەمبەران)، (دەستەگوڵی لاوان)، (چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت)، (داستانی سوزناک کربلا- شیعرە بە فارسی)، (چیرۆکی حکوومەتێکی خەیاڵ و بەشێک لە کتێبی (من عمان الی العمادیة) کە وەرگێڕانە. (سۆزی نیشتمان بەشێکی کەمی دیوانی شیعرییە)، (فەرهەنگی زێوەر)، (الزنبقة البیضاء)- وەرگێڕانە. هی نووسەری ڕووسی (گریگوری بترۆف)، (دیوانی زێوەر).

**ئەو سەرچاوانەی سوودم لێ وەرگرتوون:**

**١- (دیوانی زێوەر)، کۆکردنەوەی- مەحموود زێوەر، چاپی دووەم - ٢٠٠٨ دەزگای ئاراس.**

**٢-(زێوەر- ڕێبەری قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی- نەوزاد کەلهوڕ، چاپی یەکەم- چاپخانەی منارە، هەولێر ٢٠١٠.**